www.kurdistannet.org
14-7-02 01:41:16

# کۆنگرەی ئەفسەران و دارشتنەوەی پیلان

مستەفا چوارتایی
chuartaiy@hotmail.com

دوێنێ باڵی سەربازی (ئیئتلافی وەتەنی عێراقی) کۆنگرەی ئەفسەرە نەیارەکانی عێراقی لە شاری لەندەن بەست ئەمەش لە چوارچێوەی بەردەوامی ئەو هەوڵانەی ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقیدایە، بۆ روخاندنی رژێمی سەدام حسێن، دوای ئەوەی کوردەکان لە ئەمەریکا کۆنگرەیەکیان بەست،شیعەکانیش کەوتنە خۆیان و راگەیاندنێکیان بەناوی (راگەیاندنی شیعەکانی عێراق) بلاو کردەوە، دوێنێش ئەفسەرانی پەناهندەو پەراگەندە کۆنگرەی خۆیان بەست، تا ئێرە زۆر ئاسایی یە، ئەوەی کە ئاسایی نیە یەکنەگرتوویی خودی ئۆپۆزۆسۆسیۆنی عێراقیە لە ســـەر بەرنامەیەکی یەکگرتوو چ بۆ چۆنیەتی روخاندنی رژێم چ بۆ جۆری داهاتووی حوکم لە عێراقدا.رۆژ نیە لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و لە رادیۆکانەوە چەندین لێدووانی لێپرسراوانی ئەمەریکی نەبیستین و چەندین مشتومر نەبینین لە بارەی لێدانی عێراق و روخاندنی حوکومەتی بەغدا، بەلام ئەوەی کە نادیارە چۆنیەتی روخانی رژێم و داهاتوی حوکمە کە بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگە،لای هەموانیش رونە کە ئەگەر ئەمەریکاش جیددی بێت لە روخاندنی سەدامدا ئەمجارە ئەوا تەنها بەرژەوەندیەکانی خۆی لا گرنگەو نە دیموکراتی و نە مافی مرۆڤ بایە خێکی ئەوتۆیان نیە،،ئەوەی کە لێرەدا جێی پرسیارە، بۆ ئەم ئەفسەرانە وەک چینێکی جیاواز کۆنگرە دەبەستن؟ ئامانجیان چی یە لە بەستنی ئەم کۆنگرەیە؟ ئایا بیرۆکەی خۆیانە یان هێزێکیان لە پشتەوەیە؟ ئەوە ی کە ئاشکرایە زۆربەی هەرە زۆری ئەم ئەفسەرانە تا رابوردوویەکی زۆر نزیک پیاوی سەدام حسێن و مقاشی دەستی بوون، ئەندامی هەرە پێشکەوتووی حیزبی بەعس بون،لە وێرانکردنی کوردستان و ئۆپەراسیۆنە بەدناوەکانی ئەنفال و لێدانی هەڵبجە و ناوچەکانی تری کوردستاندا بە چەکی کیمیاوی بەشداربون، ئەگەر (خەزرەجی و سامەرائی) بە شدار نەبوون.

ئەویش بۆ وەلانانی نارەزایی کوردەکانی دەروەی ولاتە کەداوایی دادگایکردنیان دەکەن وەک تاوانباری جەنگ، دەنا ئەوان لە ریزی هەرەپێشەوەی ئەم کۆمەڵە ئەفسەرەدان، ئەگەر دادوەری یەک پێوەری هەبوایە و بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی زلهێزەکانی تێکەڵ نەکرایە، ئێستا زۆر لەم ئەفسەرانە وەک تاوانباری جەنگ دادگایی دەکران و هاوسێ ی میلۆشۆفیچ دەبون.مەترسی گەرانەوەی ئەمانە بۆ کورسی دەسەلات، جیاوزیەکی ئەوتۆی نی یە لەگەڵ مانەوەی سەدام حسێن دا، هەرچی ئەمەریکاشە هەمیشە کودەتایەکی سەربازی لا باشتربووە تا رژێمێکی دیموکراتی، وەلامدانەوەی پرسیارەکان ئاسانترە لە تێگەیشتن و قبوڵکردنمان بۆ کودەتایەکی سەربازی تر.

بەستنی ئەم کۆنگرەیە جێگەی چەندین سەرنجە وەک (کردنەوەی گۆنگرە لە لایەن شازادە حەسەنی کوری تەلال وەلی عەهدی پێشووی ئەردەن،کە ئەمەش بەشداریکردنی ئاشکرای ئەردەنە لە گۆرینی رژێم و گۆرانکاریەکانی داهاتووی عێراقدا و بەشداریکرنی نوێنەرایەتی کۆشکی سپی و نوێنەرایەتی هەردو وەزارەتی دەرەوەو بەرگری ئەمەریکایە،هەروەها بەشداریکردنی نوێنەرانی حکومەتی بەریتانیا و ملحەقە عەسکەریەکانی دەوڵەتانی رۆژئاوایە، دواسەرنج گرینگی پێدانێکی دەزگاکانی راگەیاندنەکانی عەرەبی و جیهانی یە بە کۆبونەوەی

www.kurdistannet.org

ئەم ئەفسەرانە، لە کاتێکدا ئەم ئەم ئەفسەرانە وەک ڕێکخراوە سەربازیەکەیان کە ناویان ناوە (ئیئتلافی وەتەنی عێراقی) خاوەنی پێگەیەکی جەماوەری نین و هیچ هێزێکی بەرچاویشیان لە عێراقدا نی یە،تۆ بڵێی بەختی گەشی گەلی کورد و عەرەبی عێراقیش لە وەدا بێت، کە دکتاتۆر بڕوات و شاگردەکانی بێنەوە جێگای ئاخر لێپرسراوێکی ئەمەریکی پێش چەند ڕۆژێک وتبوی: گرنگی دەدەین بە دابینکردنی مافی کەمایەتیەکان لە عێراقدا بەڵام دوای ڕوخانی سەدام پابەندی هیچ کارێک نبین بۆ ئەمە بیکەین.

www.kurdistannet.org